ڕەعد حەمووی:

خۆشحاڵ دەبم گەر یارییە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستانیش ئەنجام بدرێت

زەنگ : م. رفعەت

دوای ئەوەی لە میانەی یاری نێوان یاری (هەولێر و زەورا) گومان لەوە دەکرا کە ڕەعد حەمووی سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق لایەنگیری تیپی زەورا دەکات و حەز بەوە ناکات یاری نێودەوڵەتی لە کوردستان بکرێت.

لەهەفتەی ڕابردوو بە یاوەری شاندێکی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق گەیشتە کوردستان وسەردانی هەولێرو دهۆک وسلێمانی کرد و لە گەڵ لێپرسراوانی وەرزشوانی کوردستان کۆبوونەوە وباس لە پەیوەندی نێوان لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق وکوردستان کرد، لە بە شێکی ئەو سەردانەدا باس لە چەند کێشەیەکی نێوان هەردوو لایەن کرا و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکیانە تەوەرێکی تری سەردانەکەیان بوو.لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ زەنگ سەبارەت بە هەڵوێستی لە ئەنجام دانی یارییە نێودەوڵەتییەکان گەر ئابڵوقەی وەرزشی لە سەر یارییەکان لە سەر عێراق هەڵگیرا، ڕەعد حەمووی وتی: "ئێمە وەک لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق زۆر خۆشحاڵ دەبین گەر یارییە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستانیش ئەنجام بدرێت پاش ئەوەی یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی پێ ڕازی بێت بە هەڵگرتنی ئەو گەمارۆیە لە سەر ئەنجامدانی یارییەکان لە عێراقدا چونکە کوردستانیش بە شێکە لە عێراق ومافی خۆیەتی یاری نێودەوڵەتی لە سەر یاریگاکانی ئەنجام بدرێت".

چەند ڕۆژنامەنوسێکی عێراقی لە هەوڵی تێکدانی یانەی وەرزشی هەولێرن

زەنگ : هەولێر

چەند ڕۆژنامەنوسێکی عێراق لە هەندێک ڕۆژنامە و کەناڵ وسایتە وەرزشییەکاندا هەواڵی نادروست لە دژی یانەی هەولێر بڵاودەکەنەوە.

ڕۆژنامەی ئەلمەلاعب و سایتی (استاد الدوحە) قەتەری لە سەر زاری چەند ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی هەواڵی بە جێهێشتنی بە کۆمەڵی یاریزانە عەرەبەکانی یانەی هەولێریان بڵاوکردەوە بە چەند بیانوویەکی جیاواز.

لەوانە ناکۆکی نێوانیان لە گەڵ دەستەی کارگێری یانەکە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ڕەوشی یانەی هە ولێر هەموو ئەو هەواڵانەی بە ناراست زانیو ڕایگەیان کە هەموو یاریزانە عەرەبەکان پەیوەستن بە گرێبەستەکانیان تاکو کۆتایی خوولی ئەمسااڵی عێراق تەنانەت زۆربەیان لە دوایارییەکانەی هەولێر یارییان کرد .

سەردار کامل عەلی ڕۆژنامەنووس وسەرپەرشتیاری ماڵپەڕی یانەی هەولێر وتی:" ماوەیەکە ئەو ڕۆژنامەنووسانە لە هەوڵی ئاژاوەگێڕی خۆیانن و دەیانەوێ بە نووسینی چەند ڕاپۆرتێکی چەواشەکاری ڕق وقینی خۆیان بە یانەی هەولێر هەڵڕێژن من دڵنیای هەموو دۆستان ولایەنگرانی یانەی وەرزشی هەولێر دەکەمەوە کە هەموو ئەو یاریزانانە پەیوەستن بە گرێبەستەکانیانەوە و کەسشیان ئەوەی نەوەتووە کە ڕیزەکانی یانەی هەولێر بە جێدەهێڵێت".ئەو ئەندامەی یانەی هەولێر ئەوەی ئاشکرا کرد کە ڕۆژنامەنووس (عدنان لفتە) یەکێکە لەوانەی بە تۆندی لە دژی یانەی هەولێر هەواڵی نادروستی لەو کەناڵانە بڵاودەکاتەوە.

کوردستان بۆ جاری دووەم بەشداری لە ڤیفا دەکات

هەڵبژاردەکان دابەشی سەر دوو گروپ کراون و بە سیستەمی خول لە یەک قۆناغدا یاریەکان بە ڕێوەدەچێت بەم شێوەیە:

گروپی یەکەم: کوردستان– بادانیا– ئۆکیتانیا

گروپی دووەم: گۆزۆ – بڕۆڤانس – ساميلاند

لە کۆتایی یەکەم و دووەمی هەر گروپێک دەگەنە قۆناغی چوار گۆشەی زێڕین پاشان یەکەمی هەر گروپێک لە گەڵ دووەمی گرویەکەی دیکەدا یاری دەکات بۆ بەدەست هێنانی نازناو بەرزکردنەوەی جامی ڤیفا.

جێگای ئاماژەیە یەکەم یاری پاڵەوانێتیەکە لە ٢٢–٦لە نێوان هەڵبژاردەی(بادانیا و ئۆکیتانیا) لە یاریگای کۆمۆنااڵ لە شاری نۆڤارا ئەنجام ئەدرێت ، هەروەها یەکەم یاری هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان لە ڕۆژی ٢٣–٦ ئەنجام ئەدرێت لە گەڵ هەڵبژاردەی ئۆکیتانیا لە یاریگای فرانکۆئۆسۆاڵ پاڵەوانێتی ئەمجارەی ڤیفا بە بەشداری هەڵبژاردەی شەش هەرێم دەبێت و لە وڵاتی ئیتاڵیا یاریەکان دەکرێت و هەڵبژاردەی کوردستانیش بەشدار دەبێت.

دووەم ساڵ لە سەر یەک هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتی تۆپی پێی هەرێمایەتی(ڤیفا)دەکات کە ئەمساڵ هەڵبژاردەی شەش هەرێم بەشداری دەکەن لە شارەکانی نۆڤارا و ڤاریسی و بریشیا و ڤێرۆنا لە ئیتاڵیا، هەروەها ماوەی خولەکە لە ٢٢–٦ تاکو ٢٧–٦ بەردەوام دەبێت و خۆمان ئەکەین چونکە تیپی وەرزشی کچان وکورانی پەروەردەی کفری خاوەنی توانا ولێهاتوویی زۆرن و لەکەس قبوڵ ناکەین فەرامۆشی بکەن".

سەردار فقێ محمەد قایمقامی قەزای کفری وتی:" هەمووکات پشتیوانی هەموو دانیشتوان شاری کفریم و هەموو پاڵپشتی خۆی دەربڕی بۆ پەروەردەی کفری".

حەیدەر ئەحمەد ماموستای وەرزش و لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندن لە پەروەردەی کفری وتی:"هەرکەس مافی خوێندکاران و ماموستایانی کفری بخوات لێی قەبوڵ ناکەین سکاڵای یاسایی لە دژ تۆمار دەکەین و تاکو لای وەزیریش ئەڕۆین بۆ ئەم مەبەستە و لە هەموو میدیاکانیش لە سەری ئەنووسین".

ڕەعد عەبدولڕەزاق لێپرسراوی بەشی وەرزش لە پەروەردەی کفری بۆ ئەم مەبەستە وتی"ئێمە وەکو پەروەردەی کفری بە هیچ شێوەیەک ئاگادار نەکراینەوە لە لایەن پەروەردەی گەرمیان بۆ مەبەستی چادرگە و دیدەوانی کۆیە بۆیە هیوادارم لە داهاتوو ئاگادارمان بکەنەوە و پشت گوێ نەخرێین".

ماموستا لەیلا ڕەشید ماموستای وەرزش لە کفری باس لەوە دەکات کە تەنها ماموستایە کە خولی دیدەوانی بینیوە و بانگ نەکراوە لەم بارەوە وتی:"ئێمە لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ وەکو ماموستایانی کچانی وەرزشی کفری ڕۆشتین بۆ خولی دیدەوانی لە شاری سلێمانی نوێنەرایەتی پەروەردەی گەرمیانمان کرد چونکە ئەو کات پەروەردەی کەلار کچانیان نەبوو بەڵام ئێستا پەروەردەی کەلار خۆیان تیپیان هەیە ئێمە لە بیر دەکەن بۆیە هیوادارم پەروەردەی کفری هەڵوێستی هەبێت".

پەروەردەی کفری سکاڵا لە دژی بەڕێوبەرایەتی وەرزشی و دیدەوانی گەرمیان تۆمار دەکات"

"بۆ جاری دووەم بەڕێوبەرایەتی وەرزشی و دیدەوانی گەرمیان پەروەردەی کفری فەرامۆش دەکات، پەرۆەردەی کفریش سکاڵا لە دژی دیدەوانی گەرمیان تۆمار دەکات.

دوای ئەوەی لە ٨–٦–٢٠٠٩ خێوەتگای دیدەوان وەرزشی لەشاری کۆیە کرایەوە و پەروەردەکانی سلێمانی وکۆیە وهەولێر وگەرمیان و ڕانیە و دهۆک و کەرکوک بەشداریان تێدا کرد بەڵام پەروەردەی کەلار تەنها وەک نوێنەری گەرمیان بەبێ ئاگاداری تیپی کچان وکورانی کفری و ناحیەی ڕزگاری و باوەنور وسەرقەاڵ وتەنها لە کچان وکوڕانی کەلار وتیپێکی پێکهاتوو وەکو تیپی پەوەردەی گەرمیان نوێنەرایەتی گەرمیانیان لەو چادرگایەدا کرد، دوای ئاگاداربوونی پەروەردەی کفری لەم کارە دەست بەجێ پەروەردەی کفری لەڕێگای بەشی وەرزشی کفری سکاڵا بەرزئەکاتەوە بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان وپاشان ماموستا مستەفا ڕەشید بەڕێوبەری گشتی بەڵێنی ئەوەدات کەوا ئەمجارە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی وەرزشی و دیدەوانی خۆش بن، ئەمە لەکاتدایە ساڵی پار بەهەمان شێوەیە پەروەردەی کفریان فەرامۆش کرد لە دیدەوانی زۆربەی یاریزانانی تیپی وەرزشی پەروەردەی کفری هیوادارن ئەم هەلسوکەوتەی پەروەردەی گەرمیان چاک بکرێتەوە و کۆتایی پێ بێت چونکە پەروەردەی گەرمیان واتە قەزای کفری و کەلار بەڵام پەروەردەی کفری پشت گوێ ئەخرێت لەم بارەیەوە ماموستا وهاب ئەحمەد وتی:" پەروەردەی کفری بەشێکە لە پەروەردەی گەرمیان لەئەرک و مافدا بوویە دەبێت لەهەموو وەرزیک بەشی تایبەتیمان هەبێت و هەموو کات داکۆکی لە ماف

کفری و هەڵبجەی شەهید ڕوو بە ڕووی یەک دەبنەوە

زەنگ:هیوا

بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ خولی پلە دووی کوردستان هەردوو تیپی تۆپی پێی کفری و هەڵبجەی شەهید ڕووبە ڕووی یەک بوونەوە.

لە یاریەکی دۆستانە هەردوو تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی کفری و هەڵبجەی شەهید بە میواندار ی یانەی کفری لە یاریگای هەڵبجە ڕوو بە ڕووی یەک بوونەوە و لە یاریکی بە هێزدا یاریەکە کۆتایی هات بە یەکسانی دوو گۆڵ بۆ هەر یەکیان لە بارەی یاریەکە یاریزان عەلی جەلیل کە خاوەن یەکێ لە گۆڵەکان وتی:"بەڕاستی یاریکی بە هێز بوو چونکە ئەوان زۆر بە تواناوە یاریان دەکرد و بۆ ئێمە قورس بوو کە ماوەی چەند کاتژمێرێ لە کفریەوە چوینە هەڵبجە و پاشان تیپەکەش بە هێز بوون یاریگاکەش چیمەن بوو بۆ ئێمە هەندی گۆڕانکاری بوو بەڵام زیرەکانە توانیمان یاری بکەین و یاریەکە بە یەکسان تەواو بوو بە دوو گۆڵ، بەڵام ئێمە هەندێ کەموو کوڕیمان هەبوو لە ڕووی کالا بۆ هەندێ لە یاریزانە کان".

وێنەیەک لە مێژوو

ئەم وێنەیە لەساڵی ١٩٦٢ لەقەزای کفری لە گەرەکی کرمانج گیراوە و وێنەی تیپێکی کۆنی کفریە و سالار ئیسماعیل کچانی ڕاهێنەری ئەم تیپە بووە.

یاریزانە وەستاوەکان لەلای ڕاستەوە مەحمود ئەحمەد عەلی نەفتچی و بازاد قادر میراخورو ئیسماعیل جەباردداودی وەمیر محەمەد عەلی وحەسن حاجی سەمین کچانی وغالب محەمەد تالب جاف و هیدایەت حاجی خالد. دانیشتووەکان لەلای ڕاستەوە سەباح قادر میراخورو سەعید محەمەدو حەسن محەمەد ئەحمەد قەرەداغی و کەماڵ ڕەسوڵ هەاڵج وشاکر حاجی نوری دەلەوی و نوری مەجید داودی.

"وێنەکە لە ئەرشیفی مەحمود ئەحمەد عەلی نەفتچی وەرگیراوە

ئا/ هەردی جەمال

گرینی ڕۆنااڵدۆ وەرزشوانانی هەژاند

یانەی مانچستەر یونایتد دەست بەرداری یاریزانی پرتوگالی (کریستانۆ ڕۆنااڵدۆ)دەبێت بە نزیکەی ١٣٤,٧ملیۆن دۆلار بۆ یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی.

دوای ئەوەی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی کە خاوەن نازناوی خولی پرایمێرە لیگەلە پێگەی تازەدا ئاشکرای کرد کە دەست بەرداری یاریزانی بە توانای ڕیزی یانەکەی کریستانۆ ڕۆنااڵدۆ دەبێت بە بڕی ١٣٤,٧ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بۆ یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی، لە دوای ئەوەی سەرۆکی یانەی شاهانە خۆرخێ ڤالدانۆ ڕایگەیاند کە لە گفتو گۆدایە بۆ بەدەست هێنانی ڕۆنااڵدۆ پاشان گەشتنە ئەو ئەنجامەی بەپارەیەکی خەیاڵی ڕیک کەوتن لە سەر کرینی ڕۆنالدۆ بە بڕی ١٣٤,٧ ملیۆن دۆلار بۆ یانەی ڕیاڵ، هەروەها یانەی شاهانە ئەمە دووەم یاریزانە تاکو ئێستا کرێبێتی بۆ ڕیزی یانەکەی و ڕۆنااڵدۆ دەبێتە گرانترین یاریزان بۆ ئەم وەرزە تاکو ئێستا، هەروەها گرانترین یاریزان کە ڕیاڵ توانیویەتی بیکڕێ لە دوای زەینەدین زیدانی فەرەنسی هەروەها لە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن ڕۆنااڵدۆ ئەوەی ئاشکرا کردووە کە خۆش حاڵە بە گواستنەوەی بۆ یانەی شاهانە و لە وەرزی داهاتوو لە ئیسپانیا یاری بکات.